هەژار

بۆ کوردستان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی
ئاراس

زنجیرەی رۆشنبیری

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین
سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب
* * *

کتێب: بۆ کوردستان
دیوانی: هەژار
سەرپەرشتیی چاپ: شوکور مستەفا و بەدران ئەحمەد
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد
بەرگ: محەمەد قادر
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٦
چاپی چوارەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە
هەولێر- ٢٠٠١
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی رۆشنبیری و هونەر
ژمارە (٧٨)ی ساڵی ٢٠٠٠ دراوەتێ
*



هەژار

وشەیەکی پێویست

ئەرکی لە چاپدانەوەی «بۆ کوردستان»ی شاعیری گەورەی کورد «هەژاری موکریانی» ، لەلایەن سەرۆکی خۆشەویست کاک مەسعود بارزانی یەوە، بە ئێمە سپێردرا. ئەرکی ئێمە لە سەرپەرشتیی چاپی ئەمجارەی دیوانەکەدا ئەوە بووە کە شیعرەکانمان هێناوەتەوە سەر رێنووسیی ئێستەی کوردی و هەڵەبژێریمان تێدا کردووە بەو هیوایەی بێ هەڵە و کەموکورتی دەربچێ. هەوڵیشمان داوە ئەگەر لەملا و لەولا شیعرێکمان دەست کەوێ بەگەڵ ئەم چاپەی بخەین، بەداخەوە جگە لە تاک و تەرایەکی پاشکۆی «مەم و زین» و «خەیام»ەکەی، شتێکی ترمان دەست نەکەوت. مامۆستا فەرهاد شاکەلی لە سوید کۆمەڵێک شیعری هەژاری لە نامیلکەیەکدا بەناوی «بەیادی تۆ دەژی دڵم» بڵاوکردووەتەوە کە لە سێ چاپەکەی پێشوودا نین، ئەوانیش ئەو شیعرانەن کە هەژار ساڵانە لە ساڵوەگەڕیماڵئاواییی نەمران «مەلا مستەفای بارزان و کاک ئیدریسی جوانەمەرگ»دا گوتوونی. زۆربەی شیعرەکانی بەشی چوارەمی ئەم کتێبە لەو نامیلکەیە وەرگیراون. نامیلکەکەی شاکەلی هەندێ هەڵەی چاپی تێ کەوتووە، هەوڵمان داوە لێرە بەپێی دەسەڵات ڕاستیان بکەینەوە.

سوپاسی بەرێز سەرۆک مەسعود بارزانی دەکەین کە ئەرکی سەرپەرشتیی ئەم چاپەی «بۆ کوردستان»ی پێ سپاردین و هیوادارین ئەوەی کردوومانە مایەی ڕەزامەندیی بەرێزیان بێت.

مام هەژار لە هەموو چاپەکانی پێشوودا نووسیویە: «سوپاس بۆ خودا کە دەست و زمانمی بۆ خزمەتی کوردی خستۆتە کار. سوپاس بۆ باوکی کورد و برای هەژاران (مەلا مستەفای بارزانی) کەوا دووجار ئەم دیوانەی بۆ چاپ کردم». ئێمەش هەموو هیوامان ئەوەیە کە گیانی باوکی کورد و برای هەژاران (مەلا مستەفای بارزان) و گیانی هەژار خۆیشی بەم کارە شاد بن و، کتێبخانەی کوردی بۆ یەکەم جار بەئازادییەوە باوەش بۆ «هەژار بۆ کوردستان» بکاتەوە.

شوکور مستەفا و بەدران ئەحمەد

٢٧ ئایار ٢٠٠٠

وەسیەتنامەی هەژار

- بەناوی خودا -

حەدیسی پێغەمبەرە سەڵاوەخودای لێ بێ: [illegible] خەشر دەکرێ کە لەم دنیا

خۆشی ویستوون بێ

ئاشکرایە کە من هەژار، لە هەموو تەمەنی ژیانم دا هیچ کەسێکم بەقەدەر سەلامەتی بارزانی

خۆش نەویستووە... [illegible] وەبا حەشرم دەگەڵ ئەو بێ و هەر وەکوو لە دنیا [illegible]

لە قیامەتیشا بە یەکێک لە نزیکانی خۆیم قبوڵ بکا.

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

ئیشم بوو لە هەر کەسێک لەم دنیا لاگیرە لێ دەکەم، ئەوانیش لاگیرم لێ بکا...

عبدالرحمن شرفکندی - هەژار - شاعیر.

ئیمضا:

ئەم وەسیەتە ڕۆژی ١٧ی شعبانی ساڵی ١٤٠٤ هجری قمری - ٢٩ / اردیبهشت ١٣٦٣ هجری شمسی

١٩ / مایس / ١٩٨٤ لە کوردستانی ئێران نووسرا --- هەژار

وەسیەتنامەی هەژار

بەناوی خودا

حەدیثی پێغەمبەرە سلاوی خودای لێ بێ: «لەو دنیا هەر کەس دەگەڵ ئەوانە حەشری دەکرێ کە لەسەر دنیا خۆشی ویستون»

خواش ئاگادارە کە منی هەژار لە هەموو تەمەنی ژیانمدا هیچ کەسێکم بە قەدەر مەلا مستەفا بارزانی خۆش نەویستوە... کە بەرانبەر بەو حەدیثە دەبێ حەشرم دەگەڵ ئەو بێ و هەروەک لە دنیا لێیەوە نزیک بووم لە قیامەتیش بە یەکێک لە نزیکانی خۆیم قبوڵ بکا.

وەسیەت دەکەم بۆ ئەو کەسانەی دۆست و نزیکمن ئەگەر ئەوەندەی بۆیان مومکین دەبێ کاتێ مردم لاشەکەم لەبەر پێی مەرقەدی مەلا مصطەفا بارزانی بنێژن. یان لانی کەم لەو گۆڕستانەم بنێژن کە ئەوی تێدا نێژراوە... لەوانەش کە دۆست و نزیکی بارزانین و لەپاشی بەجێ ماون دەپاڕێمەوە، ئیجازە بدەن کە قەبرم لە قەبری مستەفا بارزانییەوە تا دەکرێ دوور نەبێ. تاوەک لە دنیا هەموو دڵخوشی و شانازیم بەدیتن و نزیکبوون لەو بوو.. لاشەکەشم نزیک بە جەنازەی پیرۆزی ئەوبێ و ئەگەر خوای کرد و لە سایەی ئازادبوونی کوردەوە جەنازەکەیان بردەوە بارزان، شتێک لە ئێسکی منیش بەرن و لەبەر پێی ئەودا ژێر خاکی کەن. ئەگەر بۆیان مومکین نەبێ وەسیەتەکەم جێبەجێ کەن قەیدی نییە، خۆ ئەگەر بۆیان مومکین بێو زەحمەتو دەردی سەری لەدوو نەبێ و بە وەسیەتەکەم عەمەل نەکەن لە قیامەت لای بارزانی گلەیان لێ دەکەم. لێشم روونە هەروەک لەسەر دنیا لاگیری لێ دەکردم ئەوساش لاگیریم لێ دەکا...

امضاء: عبدالرحمن شەرفکندی. هەژاری شاعیر.

ئەم وەسیەتە رۆژی ١٧/ شعبان ساڵی ١٤٠٤ هجری قمری= ٣٩/ اردیبهیشت ١٣٦٣ هجری شمسی ١٩/ مانگی مای ١٩٨٤. لەگوندی سلیڤان نووسراوە... هەژار

پێشەکی چاپی سێهەمین

ئەم دیوانە جگە لە «ئاڵەکۆک» و «خەیام» و «مەم و زین» و ناوئاخنە بە بەندەکانی «شەرەفنامە» و «هۆزی گاوان»، دەکرێ بێژم زۆربەی زۆری ئەو هەڵبەستانەی تێدایە کە لە ساڵی ١٩٤٨ی میلادەوە گاگا بەهۆی ڕووداوێکی سەرنج ڕاکێش، یاخۆ هەروا بە ئارەزوو درەنگ یا زوو تاک و تەرا هۆنیومن و نووسیومنەوە.

بۆیەش وتم زۆربەی زۆر و ناڵێم هەموو، چونکە کەرتێکم لێ ئاوەکی بوون و بۆم نەلواوە هەرچییەک بە پەرژوبڵاوی لە ڕۆژنامە و کۆوارەکانی بڵاودا بڵاو بوونەوە، هەموویان بەسەر گرمەوە. ئەنجار بەهۆی کۆسپ و گرێی ژینی دژوار و نالەبار جاروبارە دەستەوارێک کراونە چاوگەی ئاگر و بوونە مشکی. چەند بڕێکیش بەر لرفەی لافاو کەوتوون و توون بەتوون چوون. پەڕ پەڕێکیش بە ونجڕ ونجڕ کراوی بەدەم ڕەشەبادا دراون و هیچیانم لە بیر نەماون. کۆمایەکیش هەروا ماون و چاوەچاون بێنە بەرچاو تا هاوزمانانی کوردم چاوێکیان پێدا بخشێنن.

بوێژی ڕووت چکارەیە؟

وێژەناسان لایان وایە هەر بوێژێک لە هەر دەور و زەمانێکا هەر ڕێبازێکی گرتبێ یان بەبێ ڕێ ڕۆیشتبێ، بەهەر ئاوات و نیازێک هەڵبەستی هۆنیبێتەوە ئەو بوێژە لە ماوەی ژیانی خۆیدا ڕمووزنێکی درۆزن، یان خووخۆش و ڕاستگۆ بێ، سفت یان بێ تان و پۆ بێ، بەلەنگاز یان ساز و کۆک بێ، بوێر بێ یان ترسەنۆک بێ. بێ ئەوە خۆی ئاگا بکا بێ گومان هەڵبەستەکانی ئاوێنەییێکی ڕوونوێنی ڕووداونی ژین و کردەوەی ئاپۆرەی ڕۆژگاری چەرخی خۆیەتی. بۆ بەڵگەی ڕوون باسی ئەبو نەواس دەکەن:

ئەو کابرایە لە سەتا هەشتای هەڵبەستی لەسەر مەستی و بادە و سادە و تۆلازی و نێر و مێبازی و پەسنبێژی و فڕهاوێژی دەبڕێتەوە. بەو حاڵەش ڕا تۆژەرەوانی وریا و زیت بەوردبینی و بەزانیاری کە لێیان کۆڵیوەتەوە؟ وەک فیلمێکی ڕەنگین و پڕ وردەکاری نووک و بە دیی داب و کرداری دەرباری هاروون و ئەمین دەردەخا. وێڕای ئەوەش ژینی ئەوسای دەوڵەمەند و دڵمەندانی حەشاماتی هاوژیانی و بیر و بڕوای موسوڵمانانی لێک جیای ئەو دەورە دەور ئەکاتەوە و بە ڕۆشنی شانی ئەدا.*

---

* ئەبو نوواس: ٧٥٧-٨١٤ ی میلاد، ناوی حەسەن کوڕی هانی، خەڵکی ئەهواز شاعیری دەرباری هاروون ئەلڕەشید و ئەمینی خەلیفە بووە. نوواس واتا: جۆلاتەنەی جاڵجاڵۆکە.

بەسەرچڵی تۆزێک لە بەسەرهاتەکەم

با هیچ کارمان بەوە نەبێ کە من ئاخۆ چ ڕێبازێکم گرتووە و لە هۆنینەوەی هەڵبەستم نیاز و مەبەستم چ بووە؟ شایەرم یان لاپڕەسەنم؟ خۆشم نازانم کامیانم. بەڵام ڕوون و ئاشکرایە سی و چەند ساڵی تەمەنم دەربەدەر و ماڵانگەڕ بووم. نزم و بەرز و پیس و پاک و بەد و چاکی زۆرم دیوە. بە دەردی کوردە گوتەنی: دنیام قونە کەو کردووە. بۆ نانەوشکی ڕۆژانە و بۆ جێ خەوێکی شەوانە لە شاگرد مەیخانەچیەتییەوە بگرە تا عەنباڵی و قوڕەکاری و گەسک لێدانی ماڵان و کاشی ماڵی و ئامان شوشتن و زبیڵ ڕشتنم کردووە. ئەوەی بەسەر من هاتووە بەدەردی حاجیەکە گوتی: بەسەر حەسەن و حوسێن هاتبا سەکەت دەبوون. بە قەتاری دەرەجە سێ، ئۆتۆبۆسی دەرەجە دوو، کەڵەکی فوو. بە سەفەر چووم. لە ناو جەرگەی هەژاراندا لە نەداریدا یەکەم بووم و دەگەڵ هەژاراندا ژیاوم. زۆر بە پاو گاگاش بە سواری زۆر باژێڕ و گوند و گوڕ و شیو و بەربنار و شاخ و دۆڵ و دەشتی بێڕوونو وشکارۆ و چۆڵ و هۆڵ و پان گەڕاوم. شەوگار لە هەرزانترین خان یان لەسەر بانی مزگەوتان، جارجار لەسەر ڕەڵمی گەرم لە سارایە، زۆرجار لەو کەژ و چیایە لە ئەشکەوتان، لەسەر بەردان لەبەر باران و لەنگێزە ستارم گرتووە و خەوتووم. بەرگ شڕی و بێ شمەکی و کەوش چەکی و چڵک و چەپەڵی و گەماریی بێ ئەسپۆنی و ئەسپێونی هۆگریان پێوە گرتووم و چاومیان بەخۆ ڕاهێناوە. گوێچکەم بە جوێن و پلاری خاوەن کاری نالەبار و ڕژد و خوێڕیلە خاراوە.

واتا دەردی هەژارانم نە بەدەم، بە دڵ چێشتووە. مەسەل دەڵێ: سەد بژیشک بە ئەندازەی دەردەدارێک نازانێ نەخۆشی چییە؟ ویستوومە ڕۆژگارێک دابێ هەژار لە بێگار ڕزگاربێ و بەگیاندارێکی بەئابڕوو حەساو بکرێ و هەر بەسەری زیندوو نەمرێ. بۆ پێکهاتی ئەم ئاواتەش شنگڵێکی پێداویست بۆ لە خۆ بدرێ و کارێک بکرێ هەژار بە بێچارە خۆران نەخورێ. پێشینانمان گوتوویانە: مناڵی مناڵ ئاساییش تا نەگری شیری نادەنێ. ماف کە نەسێنرێ نادرێ.

سەرباری دەردی هەژاری و لەش بەباریش گەلێک ساڵان بەرخ ئاسایی لە گورگی ورگن ترساوم، پۆلیس و مووچەخۆرانی دەوڵەتانی داگیرکەری وڵاتەکەم هێرشیان بەتاو بۆ هێناوم، ناچاربووم بە زگی برسی خۆ لە قوژبنان قایم کەم نەمدۆزنەوە. دایم لەجێ گۆڕکێدا بووم نەک لە شوێنێک پێم بزانن و بم قۆزنەوە.

له ئێران ڕام کرد بۆ عێراق، له عێراق پۆلیس ڕاوی نام بۆ سووریا، له سووریا بوومه قاچاغ و لەویش دەبوو له شوێنەونکه قۆچاغ بم. «ئۆباڵ بەستۆم ناهەقیش نەبوو بمگرن» چونکه منی نیومن و نیونیومنیش نا، بێ کەس و بێ دەر و بێ کار وەک جەنابی مەلا فەرمووی بەزگێک تێر له دووزگان برسی، هێشتانێ عارم نەنابوو، بەخێر سیاسەتم دەکرد، واتا لەسوور دۆڕاندبووم لەکایەم تێ هەڵدێناوه. وەک دەڵێن «کوێر هەتا دەمرێ هەر بەئاواتی چاوانە». بۆ ئازادی تێ دەکۆشام، له هاواڵی ڕێ دەگەڕام، به شکو ڕۆژێک له سایەی هاوکاریی واندا ئەو ڕۆژانە ببینمەوه که کوردستانی دڵبەرم ماوەی ساڵێک تیا ژیاوه و ئاڵای خۆی لەسەر شەکاوه.

هەر کۆمەڵێک بەدەم یان بەجیرەی قەڵەم بیگوتایە بیری ئازادیم لەلایە، دەچوومە لای. دەگەڵ سووره خۆماڵییەکان بوومه ئاشنا، هێندیان قسەی خۆش بۆ کردم، هێندیان به دەم دڵخۆش کردم که لام وابوو هەر کەسێ سمێڵی سووربێ هەمزاغایە. سوور له پیلی کورد دەنەون و بەرەو بەهەشتی ڕادەدەن. تا سەرەنجام بۆم دەرکەوت ئەو بابه ڕاستەش زڕخاڵه و فەرمووده‌یان کرچ و کاڵه و تۆپی پتە و ناو بەتاڵە. ئەوانەی هەوسارم دەگرن بەرەو کەندەڵانم دەبەن، چیم هەیه لەویشم دەکەن، عارەبه ڕەشکەی خۆسوورکەر بۆ عەرەبایەتی کردن دەستی نازیی ئاڵمان خوازی به بزمار له تەختە دابوو. تەنانەت سووره کوردەکەش که بۆیان فریو درابوو به شانازی خۆی به تازی حەساو دەکرد، بۆ ڕەگەز پەرستی عارەب ببووه نۆکەری بێ مز و کوردایەتیی به لاوه گوناح و سووچ بوو. به زمانی خۆی که کوردی بوو نەیدەدواندم، له عارەبیش کۆڵەواربوو. سەیری خۆشیش لەمەدایه لەوەتا له وڵاتی عارەب کمۆنیستی پەیدابووه؟ هەتا ئێستاش له میسر و سووریه و عێراق – مەگین چلۆنکایی بووبێت – ئەگینا کەوچک به دەستی حیزبەکانی به گفتی خۆیان «کمۆنیست»، سەرلەبەریان بەچکه کورد بوون. هەمووش تێکڕا ماموستا «خالید بەگداش»یان به ماموستای هەره باشیان پێ ناساندوین. بەگداشی کورد و ماموستاش ناوی کوردی بیستبایه وەک دڕکی وەبن کلکی دەن جووتەی داوێشت. سوور مانای ئەوه بوو وابێ، کوردەکەش بکاته عارەو. تازه لەو ڕەنگەی گرتوویه نابێ هەرگیز کاڵ بێتەوه، جا مەگین تاکتیک تێکی دا.

پیاو با قسێکیش بۆ دز بکا، ماڵم هەقە جار جاره ڕەنگیان دەگۆڕا. ئەویش کەنگێ؟ مەسەل دەڵێ «بۆز به لەڕێ». هەرکاتێ تێیان دەگیرا و له لایەن دەوڵەت ڕاودەکران یاخۆ له هەتیتە دەدران. بۆ تەفرەدانی ئەوانەی کورد و کوردستان پەرستن تا پەنایەکیان

دەسکەوێ و لە ناو کورد بپارێزرێن و سەر لەنوێ ببووژێنەوە. بە زەرتک خۆیان ڕەنگ دەکرد و وەکو ژێ کافەکەی خۆمان کوردستانی یەکپارچە و مەزنیان دەویست. بەڵام هەر ترسیان دەڕەوی، بار دەگۆڕا. وەک فتیلەی ناو تەویلە دوای وەی کاریان پێ نەدەمایەن پفێکیان لێ دەکردین و لە دەلاقەیان دادەناین. عەلاقەیان دەگەڵ کوردپەروەران دەبڕی و هەرکەس کوردبا و بیگوتایە من عەرەب نیم دەمیان دەشکاند.

ئەوجار پارتی

دەگەڵ پارتی «هەمزە» و «برایم ئەحمەد»دا- واتا خەزوور و مامۆستای ئەم مامجەلالەی ئێستامان، کە دەیانگوت ئێمە بۆ کورد خەبات ئەکەین. هەر لە ئێرانەوە دەرچووم ڕاستەوخۆ چوومە لایان و لە ژێر سێبەری ئاڵایان وەک سۆفیلکێکی ساویلکە لە لاشیپانەی دەرگایان دەستەونەزەریان دەوێستام و فەرمانیانم بەپێی توانا بە گیان و دڵ پێک دەهێنا. لە پاش چەند ساڵ، دوای هەزار ئەزموونی سوێروتاڵ تازە بەخێر تێ گەیشتم وەک لە بەیتێکا گوتوومە «پووچ هاتووم بە شوێن کڵاوی قووچا». پارتەکەی جێ هومێدیشم خۆی بە هیچ کارە دەزانی و ببووە کلکی ئەو تاخمە سوورە زرتانەی تانەی چاوی کوردخوازان بوون، کامەی لە پارتییە کوردەکەی لەچاو مەمانان چازان بوون خۆیان ناونا ئاوی ئاوی کەروێشکەکە و دەشیان گوت ئێمە خەست تر و بۆ برایەتیی گەلانی کورد چەوسێنەوە بەکارتر و بەهەست ترین، بەڵام هەرچەند کلکەسووتە و ماستاویان کرد بەهیچ ئاوا کوردایەتی و کمۆنیستیی ئەو سەردەمە پێکەوە پیلۆز و جوت باقیە نەکرا و هەرچی وتیان گەمەی پێ کرا و وەک کوردە لە هەردووک جێژنان بووین. ئیتر منی هەژاری دەربەدەر و زویر وەک گای ئاوکێشی کۆڵ و بیر لە جەغزێکی بێ جەمسەردا دەخولامەوە. هەڵە، یان ڕاست، وازم زۆر لە کوردایەتی بوو. دەهۆڵی کوردایەتییەکەش داخەکەم دەنگی نەدەدا، نمی ئەنتەرناسیۆنالیستی کێشابوو. یان بەقەولی کاک زەبیحی: کۆزمۆپۆلیتیی تێی ڕیابوو.

لەبەر ئەم دەپاڕامەوە، لەلای ئەو دەڵاڵەوە پیاوی چابن وەرن کوردبێن. ئەگەر هەر کمۆنیستیش بن بڵێن کمۆنیستی کوردین و دەمانەوێ بەو ڕێگەدا کوردستانمان ئازاد بکەین. ناڵێم دۆستی و ئاشنایەتیی گەلانی دراوسێ مەکەن. دەڵێم ئێوە نانی خۆتان لە سەر سفرەی تورک و تاجیک و عارەبان دەرخواردی میوانان مەدەن. با بزانن خانەخوێ کورد بوو. بەلانی کەم مرۆ دۆست بن. سوور دەزانن هەر کوردە لەڕووی دنیادا نە ناو نە

ناسیاوی هەیە. لە زۆر شوێنان کۆمەڵی بەزەی جانەوەر هەیە هیچ نەبێ ئێوەش کۆمەڵێک بۆ ئاگا لەو جانەوەرەی کە ناونراوە گەلی کورد پێک بهێنن. چ دەڤەومێ؟ زوو پەرسڤیان دەدامەوە تورک و تاجیک و عارەبیش بە بیست و چەند دەوڵەتەوە هەموو برا گەورەمانن. تا برای زل ژن نەهێنێ برا چووکە هەقی نییە متەق بکا.

ئێمەی بە خۆمان دەڵێین کورد لەبەر هەر حوکمێکدا دەژین لەسەرمانە قرپوقپ بین، نەڵێین کوردین. ئەگەر پێیان فەرمووین چەرموین، ئێمە ئێژین «بەفری کەژین» ئەگەر گوتیان تاڵە جوانە دەبێ بێژین «کلۆی ڕەژین». دەبێ هەریەکەی لەلایەک بلێین. ئارین، بەچکەی قەحتان و نزارین، تورکی کێوین. بەزمانی ئەوان داخێوین. خۆمانیان بۆ بەکوشت ئەدەین. تا هەموو وڵاتەکانیان بەرەبەرە وەک خوێنی پژاومان سوور دەبێ و وەک شیلان و دەنکە مەرجانی ناو بەرمورور دیمەنیان دێتە بەرچاومان، هەرگا ئەوان سوور هەڵگەڕان خۆیان فەرمانمان پێ دەدەن بێژین کوردین «کەرە مەمرە بەهار دێ» عاسمان دوور و زەوی سەخت ئەمن چ بکەم؟ پیاوی دڵدار لە ڕێگەی گەیشتن بە یار هەر کارێکی لا ڕەوایە. چاری ناچار بۆ ئەوە هەلم دەسکەوێ و دادی کوردان بەگوێی ئازادانی دنیا دادەم، بەهەزار تەڵەکە و کەڵەک دەگەڵ تازەڕەنگ ئالێکی دەڵەمەی هێشتا کورد و کاڵ خۆم ڕێک خست و هەرچۆنێک بوو خۆم گەیاندە جەژنی لاوان لە بوخارێست، دەردی کوردم بۆ ئازادیخوازانی جیهان شی کردەوە، کیژە تورکێک دەسکێ گوڵی پێشکەش کردم و زۆر عوزرخوازی لێ کردم کە کورد لە وڵاتەکەی ئەودا بەرستەمە. نوێنەرانی گەلانی دیش هەر کەسە بە نۆرەی خۆیان دڵسۆزیی خۆیان دەربڕی. برا کوردە سوورەکانی هاوڕێم نەبێ کە لەسەر ئەم کوردایەتییە کارێکیان بەسەر هێناوم «عارەب بەسەر گامێشی خۆی نەهێناوە».

جارێکی تر بۆ بەشداری لە فێستیواڵی مۆسکۆدا کە برا سوورەکانی عێراق گوتبوویان قەی ناکا بچن؟ خۆم تەیار کرد. برا کوردە سوورەکانی سوورییایی کە دەیانزانی هەر کوردم. کارێکی وایان پێ کردم «با بە دەواری شڕی ناکا»، من و دوو هەواڵەکەمیان کە یەکیان کاک زەبیحی بوو ناونا «خوێنتاڵ و ئیمپریال»، پێت وانەبێ منیش دەستم دادەنەواند. مستی وام تێ دەسرەواندن گورچووبڕبێ و حاڵیان شڕ بێ، دە جار ناویان نام جاسووس و سەدجار پەشیمان بوونەوە و دەستەوداوێن دەبوونەوە هاوکارییان دەگەڵدا بکەم یا کەمتر ئازاریان بدەم. جا ئەگەر لەسەر کوردێنی لۆمەی سوورە زرتەم دەکرد؟ مامۆستاکانی پارتیمان لە بنەوە کەیفیان پێ دەهات. بەڵام لە ترسی مەلعوون بوون نەیان دەوێرا دەری خەن. ئەو ژیانەی کە من لەو ماوەدا ڕام بوارد ئەگەر بە درێژی باس بکرێ مەسنەوییەکی

حەفتا هەزار مەنیی دەوێ! سوور ئەو سوورەن کە لە کوردایەتی تووڕەن. پارتی کوردیش بێ دەسەلات و بێ بڕشت هەموو ئاواتی ئەوەیە بەلانی کەم بە ئالی و کالی حەساو کەن. بەلام لێیان قبوول ناکەن، ئێژی سوورم، دەلێن شینی! دەلێی واکم، دەلێن هینی و نامانەوێ. دەولەتیش دژی هەردووک لا.

منیش جارێک بە سووری تۆخ، هەلێک بە شینی چویتی، چەلێک بەناوی ئێرانی سنوور پەڕینی غەوارەی بەدکار دادەنێن و بە چراوە لە دووم دەگەڕێن کە بمگرن. ببوومە مەتەلی ئەسپێ «ئەولام تات و ئەملام تات وەی بابە جیقم دەرهات». قاسم کوودەتایەکەی کرد، مەلا مستەفا بارزانی پاش چەند سال ژیانی تال کە لەسەر کوردایەتییەکەی بە بۆمبارانی دەولەتی هەرەزلی ئەو سەردەمە لەخاکی خۆی دەرکرابوو، لە مهاباد یاریدەی کۆمەلەی کورد و کۆماری کوردانی دابوو، لەپاش تێکچوونی کۆمەلەش، دەستی بۆ دوژمن نەدابوو، چووبووە ڕووسیەی شورەوی و بە پەناهەندەیی ژیابوو، گەڕایەوە بۆ بەغدایە. بە هاتنەوەی پارتیی ژاکاو، بووژایەوە، کوردایەتیی زۆر بە هێز هاتەکایەوە و ناوی کورد و کوردپەرستان لە دنیا دەنگی دایەوە. لەمن هەر مەپرسە چۆن بووم! چەند بەو مژدە گەشامەوە. کۆنە ئاشنای چواردە سال لەمەوبەرم بوو، ئەوساش هەر تاجی سەرم بوو، هەر کە دیتمی و دواندمی، زانیم ئەوەی لە دووی وێلم دۆزیمەوە، ئاواتی کوردستانە و بەس. هیوای منی هەژارۆکە و ئەو مەردە ئازا و بەکارەی لەخوا نەبێ ترسی لە هیچ کەسێک نییە، تەواو یەکتر دەگرنەوە. خۆم بە سۆفیلکێک دەشبهاند کە نزیک بەناهومێدبوون خوا پیرێکی زۆر پیرۆزی بۆ گەیاندم. زۆر بە بەختی خۆم دەنازم کە لە پەنای خۆی پەنای دام، لە سای ئەودا بەرگی لالایی و مەرایی سالەهای سالم سووتاند و هەودای ترسانم پساند و دەروازەی خەمم داخرا و گرێی دەمم کرایەوە. لەوساوە لەبەرپێی ئەودا، کە تادەمرم تۆزی بەرپێی بە پیرۆزترین شت دەزانم، تا لێک دیدار ئاخرەت بووین بە ئازادی چیم بەدلدا دەهات دەمگوت، هەر تەنگانەشم بۆ دەهات دەیپاراستم.

بارزانی نەک تەنیا بۆ من بۆ هەموو نووسەران چابوو. بۆ بێکەس وەختی خۆی کەس بوو. بۆ قانیع و مام هێمن و جگەرخوون و گش نووسەر و شاعیرانی بێ بەش و ناکام برابوو. ئەگەر کەسانێک وا بزانن کە من بۆرە خزمەتێکم بە زمانی کوردی کردووە، با مەمنوونی بارزانی بن، چونکە ئەگەر ئەو نەبوایە کەس پەڕێکی چاپکراوی لە نووسراوی من نەدەدی. باسی پیاوەتی و ئازایی و کوردایەتی و مەردایەتیی مەلا مستەفا بارزانی زۆر کتێبی گەورەی دەوێن تا دەناسرێ، کە لێشم ڕوونە دەنووسرێن. بەلام هەرشت

بەوەختی خۆی. من دەزانم تاریخ داوەرێکی چاکە، هەڵە ناکا و پەلەش ناکا. بە ڕۆژی خۆی پاک و پیس لێک هەڵداویرێ. لە زۆر زەردە قۆڕەی ئەمرۆ کە هەردەم ڕەنگێ دەگۆڕن خۆ دەبوێرێ و بەناوی ئەو کوردە مەردە سەر ڕووپەڕی ڕێزە ناوی هەموو کوردی شۆڕشگێڕ و پیاوی ئازادیخوا و ئازا و کوردستان پەرستی کۆن و تازە دەرەنگێنێ. ئەوی کە دەڵێن «بارزانی مرد و نەما» زۆر نەزانن، بارزانی هەرگیز نامرێ و نەش مردووە. گەلێکیش لەو دەم هەڵانەی دەڵێن زیندووین، لای من بە مردوو حەساون. دەریا دوو دەشارێتەوە و ئاومالک و کەف وەسەر دەخا. با چاوەنۆڕی تاریخ بین، دوا ڕۆژ هەموو شت دەردەخا.

جا ئەی خوێنەری بەڕێز و خۆشەویستی هاوزمانم. ئەوا چاپی سێیەمینی دیوانەکەت پێشکەش دەکەم. تکایە تا سەرلەبەری نەخوێنیەوە. نە جوێن بدە، نە باسم بە چاکە بکە، بە پەلەشی مەخوێنەوە، لێی ڕامێنە، وردی کەوە. بەرانبەر بە ڕۆژ و کاتی نووسراوەکەی پێ نووسراوە و بۆی نووسراوە بیر بکەوە. با تێم بگەی کە من چیم و چم ویستوە. ژیانم چلۆن تێ پەڕیوە و چهام دیوە. ئەگەر بە کەیفێشت نەبێ هیچ نەبێ ئەوە فێر دەبی کە وەکو من هەڵە نەبی و لە هەزار جێ دەستت بەزاخاودا نەچێ. لەوانەشە کەسانێک کە سەرزارەکی دەیانناسی و بە پیاگی خاسیان دەزانی بیان ناسی چین و چیان دەوێ. یان کەسانێک کە فێڵبازان بە شات و شووت بە دزێویان نیشانداوی لە خوێندنەوەی ئەم دیوانە تێ بگەی کە فریودراوی و لە هەڵە پاشگەز ببیەوە.

بەسەرهات و تەجرەبەی سی و دوو ساڵی ڕابردووی ئاوارەیی منی هەژار بەهێواشی شی بکەوە و گەوەکانی تێک خەرەوە و بیدە بەر بیری ڕووناکت. ئەوسا ئەگەر هیچی وات وەبەر چاوکەوت کەموسکێک کەلکێکی هەبێ ڕەحمەتێکم بۆ بنێرە. خۆ ئەگەر چی باشت نەدی و ڕێگەکەمت بەشاش زانی ئەوسا گەردنت ئازابێ، جوێنێک بدە و بەدەردی کوردە گوتەنی «تفی خۆت باوێژەو برۆ». لە کۆتاییدا دەمەوێ کورت و کرمانجی پێت بڵێم «کوردم و بەس». هەرکەس کوردپەرستی ڕاست بێ سڵاوەتم لە دیداری. ئەمرۆ ئەوپەڕی ئاواتم ڕزگاربوونی کوردستانە لە بێگانە. بە فەرمایشی مام هێمن «وەتەن خەرابە چ دەربەستی بیرلەن و پەکەنم». سا ئەوە تۆ و ئەوە دیوانی «دێوانەی کوردستان».

هەژار

٥/ ١٠/ ١٣٥٨

پێشەکییەک بۆ چاپی دووهەم

لەسەر تۆم دوژمنە دنیا - قضیة مانع الجمع -ە
کە تەرکی تۆ نەکەم تەرکی هەموو دنیا نەکەم چبکەم؟
مەحوی

ساڵی١٩٦٦ «هەژار بۆ کوردستانم» خستە بەردەستی خوێندەوارانەوە و هەستم بۆ ڕاگرت و گوێ قولاغی دەنگ دانەوەی بووم، ئەوی ڕاست بێ خوێندەوارانی هاوزمانم بوونە چەند بەشێک و ئێستاش هەروا لکیان لێ دەبێتەوە، ئەوانەی ڕکیان لە شیوعی و دەستە چەپیەکان دەبێتەوە گوتیان «هەژار شیوعییەکی پیسە و بۆ ئەوە نابێ دیوانەکەی بخوێنرێتەوە!».

ئەوانەش کە وشکە شیوعی کوردن و هەموو دنیایان لە بیرە کورد و کوردستان نەبێ. گوتیان«هەژار فاشیست و ڕەگەزاوی و کۆنە پەرستە و لە ئەنترناسیۆناڵ و دەیالەکتیک نازانێ و فڕی بەسەر تەقەددومیەتەوە نییە».

مامۆستا جاشکەکانی ٦٦ وەک مامۆستا برایم ئەحمەد و مامۆستا جەلال تاڵەبانی و گەجەر گوجەری دەور و بەریان کە خۆیان هاویشتۆتە کۆشی بێگانان و کوردە نامووسی خۆیان بە پارە و پوول بە دوژمنانی کورد و کوردستان فرۆشتووە، نووکی قەڵەمی منیان وەک نەقیزە تێڕاچوو، جووتەیان لە ئاسمان دا. چاویان قووچاند و دەمیان کردەوە، دوژمنی ڕای ئیمانت بێ ئەو جوێنی ئەوان دایان و ئێستاش هەروا دەیدەن، ژنە قەرەج خۆزگەیان پێ دەخوازێ، دوای ئەوە کە سەرزارەکی تێریان جوێنی بازاڕی و بێشەرمانە دا، لەسەر ڕووپەری ڕۆژنامە عەرەبییەکەیان (نەوەر) و لە کۆواری (ڕزگاری لە ناموس)یاندا نووسییان کە «هەژار شایەری دەرباری بارزانی ـ یە و کێ نانی بداتێ بەو هەڵدەڵێ و بێگانەیەکی خوێنتاڵە و دژی تورک و فارس و عەرەبی برامانە و خزمەتکاری ترێستات و کۆمپەرادۆرانە» خوای تۆ ئەیزانێ ئێستاش نازانم ترێستات و کۆمپەرادۆر بەچی دەڵێن!

جاشەکانی ڕەمەکی و عەشیرەتی بەبێ ئەوە تێ بگەن چم گوتووە بەشوێن دیوانەکەدا ئەگەڕان و بەلایانەوە شتێکی سەیر و خۆش بوو. تەنانەت هێندێک لەو هەڵبەستانەی دژی ئەوانم گوتبوو کردبوویانە گۆرانی و گەڕی ڕەشبەڵەکیان پێ دەگێڕا.

هێندێکی ڕەشخوێن و هەڵەش کە بە پەلە چاوێکیان پێدا خشاندبوو، تاقەتی

سەرنجدان و لێکۆڵینەوەیان نەببوو. گوتیان «هەژار هەردەمە لەسەر بارێکە و کەس نازانێ بڕوای بەچییە!».

بەڵام ئەو کوردانەی کە بەتێکڕایی پەسەندیان کرد و لایان وابوو ئەرکی خۆم وەک پێشمەرگەیەک بەرانبەر بەگەل و نیشتمانەکەم پێک هێناوە، زۆر لەو ڕەخنە گرانە زۆرتربوون و زۆر بە دڵگەرمی پێشوازییان لێ کرد. تەنانەت لە هێندێک مەڵبەندەکانی کوردستاندا وای برەو پەیدا کرد کە لە بازاڕی ڕەشدا نرخی تا بایی دە دیناری عێراقی هەڵچوو. زۆریش نامەی ئافەرین و پەسەندم لە هەموو لایەکەوە بۆ هات و دڵخۆشیان کردم و جێ برینی دەم پیسانیان بۆ برژاندمەوە. جا لێرەدا من لام وایە ئەوی هەقی بووبێ تووڕەبێ هەر مامۆستا جاشکەکانن، چونکە ئەوان دەیانەوێ پارەی خەیانەتی هەرە گەورەیان بەبێ دەنگی بدەن بە شەراب و گۆشت و کەس لێیان لەهەرانەدا. دەشزانن خوێندەوارانی دیوانی من لە کوردستاندا چەندن و کێن! ئەوی من لەسەری بنووسم زۆر گرانی بۆ تەواو دەبێ.

ئەو برا کوردانەی گوتیان هەژار شیوعییە و ئەوانەی فەرموویان کۆنەپەرستە و ئەودەستەی لایان وابوو لەسەر هیچ باران نیم – گەردنیان خۆش و ئازابێ – بەو مەرجەی لەبەریان گران نەیە و ئەمجارەش بڕواننە نووسراوەکانم و هەر لە ڕووپەڕی هەوەڵی پێشەکییەکەیرا تا دوا دێڕی دوامین پەڕی بە لەسەرخۆیی و سەرنجدانەوە سەرلەبەر بخوێننەوە. ئەوسا بۆیان ڕوون دەبێتەوە کە من کوردم و بەس. کوردستان لای من لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە و ڕووگەی هەرە پیرۆزمە و هەرگیز ڕووم لەم ڕووگەیەم وەرنەگێڕاوە و لە پەرستنی پاشگەز نەبووم و ناشبم:

عاشقی کوردستانم، گێلمە گێلمەی نازانم

نەفارسم و نەعەرەو، تێ ناگەم ئیمشی و برەو

ئەگەر بە ستالینم هەڵدەگوت، لام وابوو کوردستان ئازاد دەکا. ئەگەر بەگژ هێندێک شیوعی عێراقی و سووریدا دەچووم پێم وابوو زیانیان بۆ کورد و کوردستان هەیە. هەرکەس دۆستی کوردستان بێ و بۆ کورد بەهرەی هەبێ، من کۆیلەی ئاڵقە لەگوێی دەبم و پێی هەڵدەڵێم و لەبەری دەپاڕێمەوە و هەر کەس و هەر گەلێک دژی ئازادی کوردبێ و کوردستان داگیر بکات یان یاریدەی داگیرکەرانی کوردستان بدا، ئەگەر هەزار جار سوور و زەرد و بۆربێ و هەزار کۆمپەرادۆر و مۆمپەرادۆر بێ بەپێی توانا بەگژیدا دەچم و لەسەر

تەناف هەڵی دەخەم و ئەگەر دەستم بیگاتێ دوودانە شەقی تەڕیشی ڕێ دەخەم. هەرکەسیش لەسەر ئەو بیروباوەڕەم لێم تووڕە دەبێ و جوێنم پێ ئەدا کەیفی خۆیەتی. بەڵام دەبێ ئەوەندە بزانن کە لەسەر کورد و کوردستان جوێنیشم پێ بدرێ و خوێنیشم بڕژێ هەر بە خەڵاتی دەزانم، وەک لە گۆرانیدا دەڵێن:

دەگەڵ تۆمە چاوی چاوم
لەسەر تۆ زۆریان لێ داوم
وەمزانی خەڵات کراوم

خوێندەواری بەڕێز:

وەک زانیت لە چاپی هەوەڵی ئەم دیوانەدا زۆربەی ئەو شیعرانەم چاپ کرد کە لەنێوان ٩٤٨ و ٩٦٦دا نووسیبوومن. وا لە چاپی دووهەمدا ئەوانەشم خستە سەر، کە لە نێوان ٦٦و ٦٩شدا نووسیومن و هەروەها هێندێک لە کۆنە شیعرەکانیشم کە نەمدەویست ون بن لەم چاپی دووهەمەدا جێم بۆ کردوونەوە. بەهومێدم لە دەرفەتێکی تریشا ئەوانەی کە لەمە بەولاوە دەیان نووسم پێشکەشتی بکەم. بابزانین مەرگ ماوەمان پێ ئەدا یان هەر لە ئێستاوە لێک دیدار ئاخرەت دەبین! خوا ئەیزانێ!

هەژار
٢٩/ ١٢/ ١٩٦٩
بێ خۆلان - چۆمان - باڵەکایەتی

***

پێشەکییەک بۆ چاپی یەکەم

خوێندەواری زیرەک، لام وایە بیستووتە کە لە «قەیسی عامیری»یان پرسیوە: تۆ پێت وایە گەورەیی موسوڵمانان ئەبێ بۆ ئیمام عەلی بێ یان بدرێ بە معاویە؟ گوتی ئەگەر ڕاستتان دەوێ بەشی لەیلای منە و کەسی تر مافی بەسەریەوە نییە! واتا ئەویندارى ڕاست جگە لە دلبەر و گراوی خۆی کەسی لەبیر نامێنێ و هەزار گۆرانی و ئاهەنگی جۆر بە جۆری وەپێش کەون ئەو هەر بە یارەکەی خۆی هەڵدەڵێ.

من دڵداری کوردستانم و لەوەتا بیر ئەکەمەوە بە تین و تاوی ئەو ئەوینەوە ئەسووتێم. باوکم مەلا بوو، فێری کردبووم، ئەگەر نیازێکم هەبێ لەخوا بپاڕێمەوە بۆم پێک دێنێ. زۆر جاران زۆر بە هەژاری دەستم بەرەو عاسمان بەرز ئەکردەوە و ئەمگوت "خوایە پاتشایەکی چکۆلووکانەی جوانکیلەی کوردم بدەیە. زۆرم خۆش دەوێ!" ئەبێ چەند مناڵ بووبم کە پێم وابووە پاتشای کوردیش وەک لەیستۆک مناڵ ژیر ئەکاتەوە!

ئەم خۆشەویستییەت لە دڵی پڕ پەژارەما
تێکەڵ بەشیر مژیم و لەدووی گیان ئەچێتە دەر

ئەم دڵدارییەم کە وا بە کاڵ و کرچی هاتە ڕوو. پێ بەپێ هەنگاو بە هەنگاو لە گەڵما گەورە بووە و تا پتر چاوم کراوەتەوە و دڵم بەهێزتر لێی داوە. بەو پێیەش ئەوینی نیشتمان و ئاواتی ئازادیم پتەوتر بە تەوژم و پان و پۆڕ و بەهێز و گوڕتر بووە. ئێستاش کەوا پیر بووم زۆرتر بەو گڕی ئەوینەوە ئەسووتێم و کە ئەڵێن «پیرەدار باشتر گڕ ئەگرێ» ، لەمن ڕووی داوە.

هەموو ئاواتم لە دنیادا ئەمەیە " گەلی کوردیش وەک هەموو گەلانی خوداپێداوی سەرزەوی لە ژێر چنگی داگیرکەران و چەوسێنەران ڕزگاربێ و کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ پێک بێت، ئاڵای کوردستانی ئازاد و بەهێز لەسەر هەموو مەڵبەندەکانی کوردستان بلەرێتەوە، تا بستێک لە خاکی کوردستان لەژێر دەستی بێگانەدا مابێ و تا کوردێکی هەژار بەرهەمی ڕەنجی شان و نرخی خوەدانی ناوچەوانی بچتە ناو گیرفانی داگیرکەرانی بێگانە و چەوسێنەر و دەستبڕانی ناوخۆ، من بە ئاوات نەگەیشتووم!"

زۆر کەس زۆر جار گاڵتەم پێ ئەکەن و ئەڵێن "ئەوەی تۆ لە دووی وێڵی زۆر دوورەدەست و حەستەمە و هەرگیز دەست نادا!" بەڵێ ڕەنگە زۆر چەتوون و گران بێت و لەوانەیە بمرم و نەیبینم، بەڵام نابێ دڵداری ڕاست لەڕێگەی نیازا بیر لەتاریکیی شەو و

کەند و کڵۆی ڕێگە و دەست لێوەشاندنی جنۆکە و دێوەزمە بکاتەوە. هەر هێندەی لەسەرە هەتا ماوە بەپێی توانا بۆی ماندووبێ و لێی ماندوو نەبێ، ئەوسا ئەگەر لە ڕێگەشا بمرێ هەر بەختەوەرە.

دەڵێن سلێمان پێغەمبەر مێروولەیێکی دیت، زۆر بەلەز و هەڵپە خەریکە گڵ لە دامێنی چیایەکی بەرزەوە ئەگوێزێتەوە، لێی پرسی: چیتە وا شەکەتی؟ گوتی: دڵم لەسەر مێروولەیێکە و پەلپی لێ بەستووم هەتا ئەو کێوەی بۆ نەگوێزمەوە مێردم پێ ناکا. سلێمان گوتی: هەی هەژاری چارە ڕەش! خۆ ئەگەر سەد هەزار ساڵیشت تەمەن مابێ. هێشتا هەزار یەکی ئەم کەژەت پێ لەبەین ناچێ. مێروو گوتی: قوربان لە ئاینی دڵدارانداا لێک دانەوە دروست نییە!

هەر کە چاوم کراوەتەوە و بە دەوری خۆما ڕوانیومە دیتوومە"کوردستانی دڵبەرم لەنێوان تورک و ئێرانی و عارەبا دابەش کراوە و ئەو سێ گەلە موسوڵمانە، هاو ئاینانە، زۆر نامەدرانە و بێ بەزەیی دەمیان تێ ناوە و خوێنی گەلی کورد ئەمژن. تێش گەیشتووم ئەگەر هێزی ئیستیعمارگەرانی زل پشتی نەگرتنایە نەیانئەتوانی بمانخەنە ئەو قەفەزە پۆڵاینەوە و تا ئێستا تیا نەدەماینەوە.

ئەڵێن دوژمنی دوژمنت دۆستی تۆیە، منیش بەو پێیە و بەبیری خۆم تەنیا پەنا و پەسیوێکی بۆ کوردی بێچارە ئەمایەوە هەر سوپاگەی ڕۆژهەڵات و بەرەی ئیشتراکی بوون کە دوژمنی سەرسەختی ئیستیعمار و دژی چەوسانەوەی گەلانن و خۆیان بە دۆست و یاری بەشخوراوان و لێقەوماوان دەزانن. هەر چەندی لە دەستم هاتووە بۆم نووسیون و تا دەنگم بڕی کردوە هاوارم لێ کردوون و هانام بردوونە بەر.

کە گەلی کوردیش وەک خەڵکی کووبا و جەزاییر و میسر و کوێ و کوێ لێقەوماون و بگرە هەزار پلە کڵۆڵ و چارە ڕەشترن، ئاوڕێکیان لێ بدەنەوە. کە تا ئێستاش هەر بەهومێدی ئەو ئاوڕدانەوە مل کەچی ئاوڕ دانەوەم! جا ئەگەر جارێکیش لە ڕۆژگارێکا هەستم کردووە کە هێندێک لەوانە خۆیان بە پێشکەوتوو ئەزانن! ڕەفتاری دواکەوتووانەیان ڕەچاو کردووە و لێیان خۆش نەهاتووە باسی کورد و کوردستان بکرێ. یاخۆ ئەگەر منی هەژاری دەربەدەری خاکەسەر بەهەزار ناری عەلی خۆم ساز کردوە و بەر و بوخچەم بەرەو مۆسکۆ تێک ناوە، تا دادی گەلی هەژارم بەرمە بەر پەسارەی خانەدانی گەورە. هێندێک لە برادەرانی کورد و عارەبی ئازادیخواز! لێم بوون بە چقڵی مەم و زینان

و نەیانهێشتووە دەنگی هاوارم بگاتە دادگای هەژاران. ناچار بووم لەسەر بیروبڕوای خۆم و لەسەر کوردستانی دڵبەرم وەدەنگ بێم و ڕەخنەیان لێ بگرم. تا کەریم قاسم بۆ کورد باش بووە خۆشم ویستووە و ئەگەر لە پاشدا هەڵی تۆزاندووە و لە بەڵێنی پێشووی پاشگەز بۆتەوە. منیش هەر بەو گەز و ڕبەیەم بۆ پێواوە. ئەگەر لە جەنگەی شۆڕشی پیرۆزی کورددا زانیومە خرۆشۆف چەکی بۆ قاسم ناردووە، لۆمە و سەر کۆنەم کردووە و پێم وابووە نابێ بە چەکی کرێکار و وەرزێران کرێکار و جووتیاری کوردی هەژاری هێمن و بێکەس بکوژرێ. کورت و کرمانجییەکەی ئەمەیە "کۆیلەی کوردستانم و نۆکەری بایەنجان نیم". هەر کەس بۆ کوردستان باش بێت سوپاسی ئەکەم و هەر کەسیش زیانی بۆ گەل و نیشتمانم هەبێ بەگژیا ئەچم. جابا کوڕی حەزرەتی پەلەپیتکەش بێت.

لەماوەی ئەو بیست ساڵەدا کە ناوئاخنی ئەم دیوانەی تیا نووسراوە. زۆر شتی پێچەوانە و دژی یەکترمان دیوە. دیارە نووسەریش یەکێکە لە گەلەکەی خۆی و بیەوێ و نەیەوێ ناچارە بەسەر هاتی گەلی خۆی تۆمار ئەکا. جا من ڕەنگە لەو ماوەیەدا جاروبارە تۆزێک تامی زارم گۆڕابێ. بەڵام ئەگەر بەوردی سەرنج بدرێ دەرئەکەوێ کە نیازی دڵم هەرگیز نەگۆڕاوە و هەروەک هەمیشە پەپوولەیەکم بەدەورەی گڕی ئەوینی کوردستانی جوانەوە و تا نەبمە چنگە خۆڵەمێشێک بە دەم باوە دەست لە باڵەفڕە و پەلەقاژە هەڵناگرم. وەک«مەحوی» فەرموویە:

لەسەرخۆ چوونە، شەیدا بوونە، قوڕ پێوانە، سووتانە
هەتا مردن مەحەببەت ئێشی زۆرە، ڕێزی لێ دەگرم

بیخوێننەوە و بەچاوێکی بێ لایەنەوە سەرنجی بدە. بەشکە شتی وای تێدا هەبێ بەر دڵت بکەوێ. خۆ ئەگەر هەمووشیانت پێ چرووک بوو. بیر لەوە بکەوە کە زۆر وشەی کوردیم خستۆتە سەر کاغەز. ئەمەش وابزانم هەر باشە.

هەژار ١٩٦٦/٦/٥

***